# ساڵرۆژی مردنەکەی جۆن گەرەنگ.
# مەرگی پێست رەشە دڵ سپیەکە ؟!

ئاسۆعەبدوللەتیف

مردن زاراوەیەکی میتافۆریانەی زمانیەو رەنگە کەم کەس هەبێت  رۆژانە یان شەوانە خەیاڵ نەیباتەوە بۆ ساتەوەختی مردن! مەرگی سەرکردەمان هەیەو مەرگی سەرۆك و مەرگی مامۆستاو کرێکار، وەك چۆم مەرگی مەلیکمان هەیە ئاواش مەرگی گەداو مەرگی رەش و سپی و هەژارو دەوڵەمەندیشمان هەیە،

(مەرگ) ئەو زاراوە تەمومژو میتافۆرە گوزارشتخوازەیە کە پێناسە ناکرێت جگە لەوەی ئەبێت کاراکتەری مردوو خۆی پێناسەی مەرگی خۆی بکات و لێکدانەوەی بۆ بکات،کەسی زیندوی سەر مردوو ئەوەندەی تەفسیری عاتیفەویادەوەریەکانی خۆی ئەکات بۆ کەسی مردوو ئەوەندە تەفسیری وجود- ئەنتۆلۆجیای مەرگ ناکات، کەسی زیندو لە دوا حاڵەتدا ئەتوانێ بگری و فرمێسك برێژێ،وەلێ کەسی مردوو نازانی لە دوا حاڵەتی ژیانیدا بە کوێ و کام مەنزڵ و ئایندەیەك گەشتووە، ساتەوەختی مردنی هەر کائین و بونەوەرێك ساتەوەختی بینینی فەزایەکە رۆحی مردوو خۆیمان پێ نیشان ئەدات و ئەمانژەنێت لە کۆمەڵێك یادەوەری خۆی و بەبێ ئەوەی کە بیرمان بخاتەوە ئەی مەرگ خۆی چییە، ناکرێت بەبێ حزوری یادەوەری کەسی مردوو ئێمە قسەیەکمان هەبێت لە سەر کاراکتەری مردوو، کەواتە لێرەدا رەگەزی یادەوەری ئەبێتە ئەو ماك و هەوێنەی کە مەرگ و مردنی کەسەکان دیاری بکات و بنوسێتەوە بەبێ دەستوەردان لە کاروباری ژیاننامەکان و پرسەنامەکان و قسەی دیبلۆماتەکان و موجامەلەی سیاسیەکان، چونکە زۆرن ئەو مەرگە سیاسیانەی کە بە مردنیان ئەبنە فریشتەو شەهیدو کاریزمای رۆحی نەتەوەو سومبولی قوربانیدان، ئەومەرگەی کە سیاسیەکان وەکو شیعر دای ئەرێژن و ئەیخەنە قاڵبی خەون و فەنتازیا سیاسیەکانیان زۆری جیاوازە لەو مەرگەی بەبێ هۆنینەوەو شیعرو دارشتن رامان ئەچڵەکێنێت و کەلێنی خۆی جێ ئەهێڵێت، ئەو سومبولە چنراوەی کە بۆ مەرگ دائەتاشرێت کە وەکو میداڵ ئەبەخشرێتەوەوئەخرێتە سەر گۆری مردوو ئەگەر خاوەنی رەسەنایەتی خۆی نەبێت ئەوا زوو هەڵئەوەشێتەوەو ئەبێتە وەهم و نەمریی و جاویدانی وەرناگرێت، بۆیە کەس ناتوانێت وەسفی مردوو بکات کەسێتی مردوو خۆی نەبێت ئەویش بەزمانی مێژووەکەی.

دوکتۆر جۆن گەرەنگ کەبە هەزاری ژیاو خوێندنی تەواوکردو نامەی دوکتۆرای ئابوری لە ئەمریکا بەدەست هێناو پلەکانی سەربازی بەباشی بڕی و وازی لە پۆستی عەسکەری هێناو بویە خەباتگێرێکی مەیدانی دژی ستەم و ئیستیبدادی دەوڵەتی سودان بەرانبەر باشوریەکانی وولات، دواجار پاش زیاتر لە بیست ساڵ رێبەرایەتی سوپای میللی رزگاریخوازی سودان و سەرۆکی بزوتنەوەکەو جێگری یەکەمی

سەرۆکی سودان، قەدەر یان سیاسەت ئەیکاتە قوربانی هەڵەیەکی تەکنیکی فرۆکەیەك لە ئۆگەنداوە بۆ سۆدان یان تەمومژی کەش و هەوای ئاسمان یان کۆدەتایەکی نهێنی، بەم شێوەیە ساڵێك لەمەوبەر ئێمەو هەژارانی دیکەی جیهان لە ناو ماتەمی چلەی ئەو (رێبەرە ڕەشە) دابووین کەلە 2005/8/1 شاخەکانی ئەماتۆنی باشوری سودان ژیانی کۆتایی پێدێنێت و تەنانەت تەرمەکەشی وون بوو، بەڵام گرنگ لێرەدا تەرم نیە ئەوەندەی ئەو یادەوەری و تەئریخە شۆرشگێریەیە کە گەرەنگی پێ ئەناسرایەوە لە تەوازوع و خاکی بوون و نمونەی سەرۆك و سەرکردەی گەلە هەژارەکان کە خۆی لێ نەگۆراو تا دوا هەناسە هەناسەکانی خستبوویە پاڵ هەژارەکانی تری ووڵات،

پیاوێکی پێست رەشی کەڵەگەتی رۆحبەرزو بەووره جوان و کۆڵنەدەر، لەخۆ بوردوی باوەر پتەو بە دۆزی نەتەوەو زمان و ئاینەکەی کە ساڵەهایە لە کێبرکێ و ململانێدا بوو لەگەڵ دەسەڵاتە ناوەندیەکانی سوداندا لە پێناو ژیانێکی دادگەرانە بۆ دانیشتوانی باشوری سودان، باشووری هەژاری و قوربانی راسیزم و رەگەزپەرستی، کە روبەروی ئەو هەموو سەرکوتکردن و پاکتاوە رەگەزیە بویەوە کە هات بەسەر نەتەوەو گەلەکەیدا کە لە ئاین و رەگەزو زمانی دەسەڵاتی زۆرینەو دەوڵەتە ناوەندیەکە نەبوون و بگرە جیاواز بوون، کاتێ هەردو بلۆکی سەرمایەداری و سۆسیالیزم لە جەنگی ساردی خۆیاندابوون بۆ قوتدانی نەتەوە بچوکەکان و پشتگوێ خستنی دەیان کێشەی وەکو باشوری سودان و باشوری کوردستان، خەباتێکە شایانی لەسەر وەستانە کەئەم جۆرە خەباتە نزیکە لە گەلێکی وەکو کورد، تراژیدیاکانیشمان بەهەمان شێوەیە.

گەرەنگ کە کوڕی هەڵکەوتووی ناو کولتورە گوندیەکەی خۆی بوو هەرزوو هەستی بەو زوڵم و ستەمکاریەکردو یاخیبوو لە دەسەڵاتی ناوەند کاتێ لە سەرەتاکانی ساڵی 1983 دەوڵەتی سودان جوڵانەوەیەکی سەرکوت کردوو بارگرژی و برسێتی و کارەساتی هێنا بەسەر باشوریەکاندا و ووڵاتی دوچاری دەیان قەیرانی وەکو ئاوارەبوون و مردنی ملیۆنان کەسی رەشتپێس کردەوە، گەرەنگ بەمە رازی نەبوو هەستایە سەرپێ و یاخیبونی خۆی راگەیاندو لە پیاوێکی ئاوارەوە بووە سەرکردەو فەرماندەیەکی جیهانی، ئەوەی کە کردی بەو سەرکردەیە تەنها کارەساتەکان بوو.

ئاخر کێ دیمەنی وێنە بەناوبانگەکەی ساڵی 1994ی فۆتۆگرافەر (کیفن کارتەری ) ی بیر ئەچێتەوە کە تەعبیربوو لە رەوشی ترسناکی برسێتی و قاتوقڕی سودان، کاتێك منداڵێکی رەشت پێست سەری خستۆتە سەر خاکێکی روتەڵ و لەبەر بێکەسی و برسێتی چاوەروانی مەرگی خۆی ئەکات و بەچەند مەترێکیش لەولاوە داڵێکی رەشی گۆشتخۆر لەچاوەروانی مردنی منداڵەکەدایە تا بیخوات، کاتێ ئەم وێنەگرە بەویژدانە ئەو وێنەوحیکایەتە تراژیدیە ئەگرێت تا پیشانی دونیای بدات پاش سێ مانگ لەوون بوون و سەرهەڵگرتنی وێنەگرەکە... دەرکەوت وێنەگرەکە لە تاو ئازاری ئەو منداڵە خۆی کوشتبوو، کە وێنەکەی دواجار خەڵاتی باشترین وێنەی زیندوی جیهانی پێدرا، کە ئەم وێنەیە رەنگە یەکێك بێت لەو هەزاران وێنە جەرگبڕو ناسۆرانەی کە دەسەڵات لە سوداندا بەرهەمی هێناو دەیان سەرکردەی وەکو گەرەنگیشی دروستکرد،

ئالەو ساتانەی کە جۆن گەرەنگ ئەینالاند بەدەست زوڵم و زۆری بەشیرو تورابی وعەقیدە دیکتاتۆرەکان و کۆدەتاچیەکانی سودان و ناسیۆنالیزمی شۆڤێنی عەرەبەوە بەماوەیەکی کەم پێش ئەوە شا فەهد ئەبێتە شانشینی دەوڵەتی ئیسلامی سعودیەو دێتە سەر تەختی پادشایی، دروست لە ساڵی 1982 ئەو کاتەی خەیاڵی شۆرش و روبەروبونەوەی ستەم و برسێتی و رەگەزپەرستی و راسیزمی ئاینی و رەگەزی وەك خولیایەکی یاخیگەریانە ئەپەرێتە مێشکی دەیان رەشپێستی وەکو گەرەنگ و دواجار ئەبێتە چەخماخەی شۆرش، لێرەدا رەنگە بوترێت بۆچی مەلیك فەهد باس ئەکرێت ؟ دیارە بەو حوکمەی لەگەڵ گەرەنگدا پێکەوە بەمێژوویەکی کەم و نزیك دێنە ناو سیاسەت لە سەرەتای هەشتاکان و دواجار بەیەکەوە ئەمرن و یەك رۆژ ئەبێتە نسیبیان بۆ مەرگ و لەدوو وولاتی عەرەبیشدا ئەبێتە پرسەو قەرەباڵغی، بەلام مەلیك چۆن ژیاو رێبەرایەتی وولاتەکەی کردوو پاراستی لە کەمترین جەنگ و برسێتی و گەرەنگیش چۆن ئەچوو بەگژ جەنگداو رێبەرایەتی بزوتنەوە شەعبیەکەی ئەکرد لەپێناو بەرگرتن لە لێشاوی مەرگی دوو ملیۆن کەس و برسێتی بێ ئاماندا ؟

بەلام.... سودان کەسێتیەکی باشوریی و هەژاری وەکو گەرەنگ ئەخولقێنێ کە نایەوێت مناڵە رەشپێستەکان لەلایەك بەبرسێتی سەربنێنەوەو لەلایەکی تریش رەگەزپەرستی بگاتە لوتکەو قەهری خۆی و سعودیەش بنلادن بەرهەم دێنێ؟! کەسێتیەکی وەکو مەلیك فەهد رەنگە هیچ وەخت بچوکترین نارەحەتی نەدیبێ،ئەگەرچی راستە نارەحەتیشی نەهێنا بەسەر گەلەکەی خۆیداو ساتێك کە هاتە سەر حوکم هەمان ساتەوەختی رەشت پێستەکەی سودان بوو بۆ یاخیبوون و کوێرەوەریی.

گەرەنگ لاوێکی هەڵهاتوی گوماناوی بوو بۆ ناو ریزەکانی سوپای رزگاریخوازی سودان و بەرەنگاری ئەو هەموو کارەساتە وەستاو کۆڵی نەدا تا ساڵی 2005 و راگەیاندنی ریککەوتنێك لەگەڵ سودان و دەستەبەرکردنی ماف و ئازادیەکان بۆ مەسیحیە باشوریەکان و ئەمەش تەنها رۆحی بەرەنگاری و شۆرشگێری ئەیکات نەك سەرمایە، ئەگەرچی واقیعی سعودیە گەلێك جیاوازە لەو واقیعە دژوارەی سودان هەم لەرووی ئابوری و سامانە نەوتیەکان و پیرۆزی خاکەکەی بۆ موسوڵمانان و بوونی کەعبەی پیرۆز تیایداو هەم لە رووی سیاسی و بوونی ئۆپۆزسیۆنی چالاکەوە .

بەلام بۆچی عەرەب لە بەرانبەر کێشەکانی سودانداا بەدرێژایی ئەو مێژووە بێدەنگ وەستان هەروەك بێدەنگ بوون لە ئاست کێشەو کارەسات و کیمیایی بارانکردنی برا کوردەکانیان لە کوردستان ؟! بەلام ئایا مێژوو کاراکتەرە شۆرشگێرەکانی خۆی لەبیر ئەکات؟ بەتایبەتی ئەوانەی کە هەر بەلاوی تامی لاوێتی خۆیان نەکردو بۆگەل ژیان و تێکۆشان،دواجار مێژوو کەسێتیەکی وەکو گەرەنگ ئەگەیەنێتە بەردەم قاپی سەرۆکایەتی وڵات وەك چۆن سەرکردەیەکی وەکو مام جەلالیشی گەیاندە کورسی کۆماریی و سەددام و داروودەستەکەشی کردە جل شۆری بەندیخانەیەکی رووت و رەجاڵ و ناو شیشی دادگا،

ئەگەرچی مەلیك فەهدیش بۆ وولاتەکەی خۆی مایەی خێروئاوەدانی بوو، لەسەردەمی ئەودا کیمیایی و سەرکوتکردن نەبوو وەکو عیراق و سودان، بەلام ناکرێت جیهان و بەرەی مرۆڤایەتی جیاوازی نەکات لە

ئاست دوو جۆر مەرگ لەیەك ڕۆژوساڵدا، مەرگێك بەخۆشی ژیاو بەخۆشی مرد مەرگێكیش بە كوێرەوەری ژیاو هەر بەكوێرەوەریش مرد، سڵاو گەرەنگ ئەی پێست ڕەشە دڵ سپیەكە.